لوتی بچێتە خۆڵا، لوتی بچێتە خۆڵا، لوتی بچێتە خۆڵا»، ووترا: کێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «ئەو کەسەی بگات بە دایك وباوکی یەکێکیان یان هەردووکیان لە کاتی بەتەمەن بوونیاندا ؛ (و بەهۆی خزمەتکردنیان) نەچێتە بەهەشتەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لوتی بچێتە خۆڵا، لوتی بچێتە خۆڵا، لوتی بچێتە خۆڵا»، ووترا: کێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «ئەو کەسەی بگات بە دایك وباوکی یەکێکیان یان هەردووکیان لە کاتی بەتەمەن بوونیاندا ؛ (و بەهۆی خزمەتکردنیان) نەچێتە بەهەشتەوە».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای زەلیلی وسەرشۆڕی کرد لەسەر کەسانێك تەنانەت گەیشتە ئاستێك وا زەلیل بن لوتیان بچێتە نێو خوڵا -سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە-، پرسیاری لێکرا: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمە کێیە کە نزات لەسەری کرد؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوەی بگات بە دایکی وباوکی لەکاتی بەتەمەن بوونیان -یەکێکیان یان هەردووکیان-، پاشان ئەمە نەبێتە هۆی چوونە بەهەشتی؛ بەهۆی چاکەکار نەبوون وخراپەکار بوون بەرامبەریان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3718